



دوای بیست ساڵ غەریبی

# لەکوردستانی ڕاپەڕیندا پەشێو بۆ کوردستانی نوێ دەدوێت

ئامادەکردنی پەیامنێری لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری

● سەر بەهیچ حیزب و تاخمێك نەبووم و نیم.

● ئێستا خۆم بەخەڵکی قامیشلیو دیاربەکرو مەهابادو سلێمانی دەزانم.

● شیعر یەکێکە لەهونەرە ناسکەکان، بەرگەی قورسایی قورقوشم و مسی بابەتی کۆمەڵایەتی ناگرێ.

● ئەگەر یەك بین و قورسایی نەتەوەیەکی سی ملیۆن کەسی بخەینە مەیدان هەموو دنیا حیسابمان بۆ دەکا.

● دڵنیام شاعیری چاك بەرپۆمن.

● دوای هەرەسی ١٩٧٥ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر خودی کوردو کلتوری کوردیدا هات، ئێوە لەدەرەوە چۆن ئەم وەرچەرخانەتان بینیوە؟

**پەشێو:** دوای هەرەسی ١٩٧٥ بۆ یەکەمجار کولتوری کوردی بەزەقی بوو بەدوو بەشەوە: یەکەم ئەدەبی ئومێدو بەرخودان «مقاومە»، دووەم: ئەدەبی نائومێدیو خۆبەدەستەوەدان، نائومێدی هەندێ لەنووسەران گەیشتە رادەی ماستاو ساردکردنەوە بۆ داگیرکەران و تەنانەت پێداهەڵگوتنی قرکەری نەتەوەو کاولکەری کوردستانیش، جگە لەمەش هەرەسی ١٩٧٥ سەرەتای کولتوری مەهجەری دانا «بەنیسبەت نووسەرانی باشووری کوردستان».

● چەرخی نۆزدەم بەچەرخی زێڕینی ئەدەبی رووسی دەناسرێ، ئەو حاڵەتە تادوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری خایاند، لەوەو پاش جۆرە پاشەکشێو وەستانێکی کوشندەو گەڕانەوە بەرەو کەلەپوور بەسیمای ئەو ئەدەبەوە دەبیندرێ، بەڕێزتان ئەو ماوە دوورو درێژە کەرۆژانە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا ژیاون چ دەڵێن؟

**پەشێو:** ئەدەبی رووسی یەکێکە لەئەدەبە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیا، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەوڵەتی تازە ویستی لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەم هێنان.. ئەدەبیش کۆنترۆڵ بکات و بەتەرازووی ئیدیۆلۆژیای دەوڵەت هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بکێشێ، سەدان شاعیرو نووسەری رەسمی پەیدابوون کەئێستا کەس نایان خوێنێتەوە، سەدان نووسەرو شاعیرو هونەرمەندو فەیلەسووف و زاناش دەربەدەرکران، یالەژێر ئەشکەنجەدا مردن، یالەلاگەر «معسکر»ی گولاك بێگاریان پێکرا.

ئێستا کتێبخانەکانی روسیا پڕن لەدیوان و بەرهەمی ئەو شاعیرو نووسەرانەی کوژران وەك «گۆمیلۆف، مەندەلشتام» یائەوانەی ژیانیان لەلاگەران بەسەربرد وەك «سوڵژنیتسن، پیلنیاك» یائەوانەی دەربەدەر کران «بونین، کوپرین»، ئەوانەی لەغەریبیدا سەریان نایەوە وەك «سیڤریانین، نەبۆکۆف»، ئەوانەی لەناوەوەی وڵات تامردن سەرادوونران «پاسترناك، ئەخماتەڤە»، ئەوانەی خۆیان کوشت «چڤیتایڤە، فادینیف، مایکۆڤسکی، یەسینین».

ئەمرۆ خوێنەری رووسی ئەمانەو سەدانی وەك ئەمانە دەخوێنێتەوە،

● دڵنیام شاعیری چاك بەرپۆمن.

## ● کاتی ئەوە هات شاعیرانی حەفتاکان جێیان پێبەردرێ.

**بەبێ هیچ تاریف کردنێك.. پەشێو ناوێکی دیاری مەیدانی شیعرو رۆشنبیری کوردیە، تائەو چرکەیەش جێپێی بەسەر مەیدانەکەدا دیارە، دوورکەوتنەوەشی مایەی مشت ومر بوو، ئاخۆ ٢٠ ساڵ لەغەریبیو هەندەران بە نیسبەت شاعیرێکی ئاشقە خاك و نەتەوە تەجرەبەیەکی سەیرو شیرین و تاڵە.**

**ئەمرۆ.. پەشێو لەکوردستانە... لەخاکی راپەرین و خوێن دایە، رۆژنامەکەمان بەدیداری شادبوو.**

**بابزانین چ دەڵێت.**

● هاتنەوەت موژدەیەکی خۆشە، چ وەکوو گەرانەوەی شاعیرێکی دووره وڵات.. چ وەکـو دکتۆرێك کەبڕوانامەت لەبواری ئەدەبی کوردیدا وەرگرتووە، حەز دەکەین سەرەتا.... نیشتمان لەدەرەوەو ناوەوەدا چۆن لەدیدگای پەشێوی شاعیردا خۆی دەنوێنێ؟

**پەشێو**: پێم وایـە شاعیرێکی فەرەنسایی‌یە **دەڵێ «من نیشتمانی خۆم** ئەوەنـدە خۆشـدەوێ تەنانـەت دەتـوانم لەپێناوی لەغەریبیدا بمرم». بەدرێژایی ساڵانی ئاوارەیی ئەمە دروشمم بوو.

من «بـەقسـەی شاعـیرانـەی تێمـەگـەن» قەت لەکـوردستـان دوورنەکەوتبوومەوە، کوردستان بەرۆژ سۆماییم بووە، بەشەویش خەون. ئەگـەر ئەشقی شێتانـەی نەتەوەو خاك نەبایە دەمێك بوو قەڵەمەکەم ووشکی کردبوو، هەمیشە لەبیری گەرانەوەدا بووم بەڵام بۆ گەرانەوە دوو رێگـەم لەبەردەمدا بوو، یەکەم.. بەرێی رەسمیدا بێمەوە واتە دەبوایە بچمە باڵیۆزخانەی داگیرکەرانی بەشێکی وڵاتەکەم و رێی هاتنەوە خۆش بکـەم.. ئەمـەیـان فت! دووەمیـان گەرانـەوە بۆ ناوچـەیەکی ئازادکراو کەلەهەندێ قۆناغ دا هەبووە، ئەمەش زەحمەت بوو بۆ بابایەکی وەکو من کەسـەر بەهیـچ حیـزب و تاخمێك نەبووم و نیم «لەگەڵ ئەوپەری رێزو حورمەتم بۆ هەموو حیزب و رێکخراوەکان. لەساڵانی رەشی دووبەرەکیو براکوژایدا پێم ئاستەم بوو لەبن چادری یەکێك لەو حیزبانەدا بحەوێمەوە، شاعیرو هونەرمەند موڵکی میللەتن و دەبێ ملکەچی ئیرادەی میللەت بن.. ئیرادەی میللەتی کوردیش یەکێتیو تەبایی‌یە، مەسەلە مەسەلەی قەناعەت و ویژدانە، زۆر برادەر بەهەردوو رێدا هاتنەوە نیشتمان، خزمەتیان کەمتر نەکردووە لەوانەی لەدەرەوە مانەوە، بەهەرحاڵ خەریکە لەئەسڵی مەسەلەکە دووردەکـەومەوە، هەر لەدەرەوە مرۆڤ تێدەگا کوردستان چەند جوانەو کورد چ میللەتێکی قارەمان و ستەمدیدەو خۆراگرە، چەند جوامێرو نانبدەو شارستانی دۆستە

پەیوەندیەکی گیانیم پەیدا کرد، بۆ یەکەمجار لەگەڵ کوردەکانی باکورو رۆژهەڵات و رۆژئاوا تێکەڵ بووم، لەگیانی خۆمدا هەتاهەتایێ ئەو سنوورە لەعنەتی‌یە دەسکردەم سڕی‌یەوەو ئاسەواریم تەفروتوونا کرد، ئێستا خۆم بەخەڵکی قامیشلیو دیاربەکرو مەهابادو سلێمانی دەزانم، چەند بایەخ بەوە دەدەم چ لەهـەولێر رووددا ئەوەنـدەش پەرۆشی هەواڵی هەر بستە عەردێکی کوردستانی گەورەم.

● ئەو شاعیرو رۆشنبیرە کوردانەی کەئاوارەی وڵاتان بوون زمانی سیاسەت زاڵە بەسەر نووسینەکانیان دا، پەنا دەبەنە بەر جۆرێ لەدەربـڕینێ ئایـدیۆلۆژیو دوورکەوتنەوە لەخودی داهێنان، تۆ بڵێی ئەمە بەلای بەرێزتانەوە بەشێك بێت لەمەترسی لەناوچوونی ناسنامەی نەتەوایەتی، یالەئەنجامی نوشوستی هەندێك حاڵەتی سیاسیو پێشمەرگایەتی‌یە لەکوردستان دا، ئاخۆ ئێوە چۆنی لێك دەدەنەوە؟

**پەشێـو**: پێم وایـە ئەو دیاردەیە بەندەی ئێوەش دەگرێتەوە «هەر چەند لەرووی لووتفەوە ناوی منتان نەهێنا، شیعر یەکێکە لەهونەرە ناسکەکان، بەرگـەی قورسایی قورقوشم و مسی بابەتی کۆمەڵایەتی ناگرێ، ئێمەی چارە رەشیش لەقـۆنـاغێکی مێـژوویی ئەوتۆ لەدایك بووین کەنەتوانین خۆمان لەبابەتی وا بپارێزین. ئەمرۆ شاعیری کورد، لەکاتێکدا بۆ جوانیو ئەوین دەچـری لەهـەمان کاتدا مێژوونووسە... زانای کۆمەڵایەتی‌یە... زمانەوانە... سیاسی‌یە... مینبەرە... پرۆپاگەندە چی‌یە، ئەوەی لەشاعیری کورد قەومـاوە یاخـوا لەکەس نەقەومێ، بێگومان بەشی زۆری شیعری کۆمەڵایەتی وەك قاعیدەیەك دەمرێ بەمردنی هۆی لەدایك بوونی *زۆر لەشیعرە کۆمەڵایەتیەکانی منیش لەوە بەدەرنین.

شیعـری کۆمەڵایەتی لەبنچینەدا پرۆپاگەندەیە بۆ ئیدیا «فکرة»یەك، ئەوەی پرۆپاگەندەش دەکا بێئەوەی ئاگادار بێت دەیەوێ زۆرترین ژمارە خەڵك بەزووتـرین کات... بەسـادەتـرین زمـان هوشیـار بکاتەوە، بەڵێ دوورنی‌یـە شاعـیرە کوردەکـانی هەنـدەران بەزەقی هەنـدێ شیعریان نووسیبێ، ئەمـە پێش هەمـوو شتێك لەبەر ئەوەیە بەئازادی دەنووسن، نەسـانـسـۆری

ئەمرۆ خوێنەری رووسی ئەمانەو سەدانی وەك ئەمانە دەخوێنێتەوە، کوا.. کێ شاعـیرو نووسـەرە رەسمی‌یـەکـانی دەوڵەت دەخـوێنێتەوە؟ زۆربەیان مەگەر بۆ نوکتە ناویان بێت، هەرچەند نکوڵی لەوە ناکرێت هەندێ نووسەرو شاعیری گەورەو بەهرەدار دوای ئۆکتۆبەر پەیدابوون تائێستاش دەخوێندرێنەوە وەك «گەمزاتەڤ، ئیتماتۆڤ، رەسپوتین، ئەستافیەڤ»

تا ساڵانـی دوایـی رێکخـراوی نووسـەران و هونـەرمـەنـدان و رۆژنامەنووسان بریتی‌بوون لەنەقابەی دەوڵەت، لەلایەن لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمـۆنیستەوە بەرێوە دەبردران، کاتێ لەکۆبوونەوەی نووسەراندا بڕیاردرا سۆلژنیتسن دەربکرێ یا پەستەرناك لەسەر بڵاوکردنەوەی دکتۆر ژیڤاکۆ رسوا بکرێ پیاوم دەویست بکۆکێ، کەکۆلکە خوێندەوارێکی وەك بریژنیف خەڵاتی لەنینی وەرگرت لەسەر کتێبۆڵکەی «خاکی بچووك» پیاوم دەویست بڵێ کورە بابە بریژنیف و ئەدەب کوجا مەرحەبا!

● دوای رووخـانی رژێمـە بەناو سۆشیالیستی‌یەکان و نەمانی شەری ساردو هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و سەر هەڵدانی سیستـەمی نوێی جیهانی، دوارۆژی کێشەی کورد چۆن بەم گۆرانکاری‌یە دەبەستنەوە؟

**پەشێـو**: دارمـانی رژێمـە دیکتـاتـۆریـەکـانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا... ئاسۆیەکی رووناکی لەبەردەم میللەتانی بچووك و بن دەستدا کردەوە، هەر لەخـودی ئەو وڵاتـانـەدا دەیان «ئەگەر نەڵێم سەدان» میللەتی بچووك لەزوڵمی چەوسـانەوە رزگاریان بوو، ئازادیان بەدەست هێنا، هەندێکیان گەرانەوە سەر خاکی باب و باپیرانیان کەستالینی ملهوڕ بەزۆر دەری پەراندبوون.

گۆرانکـاریەکانی ساڵانی دوایی قازانجێکی زۆری نەتەوەی کوردی تێدایە چونکە پشتەوانی گەورەی درندەترین دوژمنی کورد کە «صدام»ە یەکیـەتی شوورەوی بوو، سیستـەمی حیـزبی تاقانەو کۆنترۆڵ کردنی هەمـوو جمـوجوڵێکی رۆحیو کۆمەڵایەتی لەلایەن چنگۆرکێ دەوڵەتەوە لەوانەوە بۆ جیهانی سێیەم هات، ئەوەی لێرە دەیبینم گوێم لێدەبێ لەوێ دیومەو گوێم لێبووە.

شوورەویو ئەوانـەی لەبـازنـەی ئەودا دەسورانەوە کوردی‌یان لەچ دەفتـەرانـدا نەدەخـوێنـدەوە، دەسـەڵات دارانی شوورەوی هیـچ رێکـخـراوێکی کوردیـان بەرەسمی نەدەنـاسی، لەوەزارەتی دەرەوەی شوورەوی کورد تەنـانـەت فایلیشی نەبـوو، مەسەلەی کورد بەشێوەکی رەسمی لەئیعلامی سۆڤیەتیدا قەدەغە بووە.

لەئـەنجـوومەنی ئاسایشی دەوڵەتاندا شوورەوی هەمیشە دژی هەر بڕیـارێـك بوو کەبـەرژەوەندی کوردی تێدابێ، هەمیشە هەقی ڤیتۆیان بەکاردەهێنا. ئێستا دنیا گۆراوە، لەوێ باسی کورد دەکرێ، کۆرو سمینار بەئازادی دەبەسترێ نوێنەران بەرەسمی پێشوازی دەکرێن، جگە لەوەی

● دیـارە وڵات کەلە ١٩٧٣ەوە جێت هێشتـووە تا ئەمرۆ لەزۆر رووەوە گۆرانی بەسـەردا هاتـووە، ئێمە لەناوەوەدا بەچاوێك ئەو گۆرانانەمان دیوە رەنگە جیابێت لەو چاوەی کەلەدەرەوە دەیبینێ، بەرای ئێـوە ئەو چاوەی دەرەوە چۆن کوردسـتـانـی بینیـوەو

کورد چ میللەتێکی ئارامان و شەمدیدەو خوڕاگرە، چەند جوامێرو ئابدەو شارستانی دۆستە

● دیـارە وڵات کەلە ١٩٧٣ەوە جێت هێشتـووە تا ئەمرۆ لەزۆر روەوە گۆڕانی بەسـەردا هاتـووە، ئێمە لەناوەوەدا بەچاوێك ئەو گۆڕانانەمان دیوە رەنگە جیابێت لەو چاوەی کەلەدەرەوە دەیبینێ، بەڕای ئێـوە ئەو چاوەی دەرەوە چۆن کوردسـتـانـی بینیـوەو جیاوازییەکانیان بەچی دەست نیشان دەکەن؟

**پەشێو**: ئەوەی لەمەیدانی شەڕدایە هەموو شەڕەکە نابینێ، بەڵام ئەوەی لەدەرەوەی شەڕدایـە هەمـووی دەبینێ ئەگـەرچی گەلێـك «دیتـاڵ ـ تفاصیل»ی بەنرخیشی لەکیس دەچێ. راستە دوای ئەوەی دوورکەوتمەوە ئاگـام لەگەلێك ووردەشت برا، لەزۆر تەجروبەی بەنرخ و بەها بێبەش بووم بەڵام نیشتمـانـەکـەم لەبەرچاوم گەورەتر بوو، خۆم بەهێزتر هاتە بەرچـاو، جاران کەدەمگـوت کوردسـتـان مەبەستم ئەو چەند شارە بوو کەدیبـووم بەڵام دوای دەرچـوونم لەگەڵ هەموو بەشەکانی کوردستان

شیعـری کومەلایەتی لەبنچینەدا پروپاکەندەیە بو ئیدیا «فکرە»یەك، ئەوەی پرۆپاگەندەش دەکا بێئەوەی ئاگادار بێت دەیەوێ زۆرترین ژمارە خەڵك بەزووتـرین کات... بەسـادەتـرین زمـان هوشیـار بکاتەوە، بەڵێ دوورنییـە شاعـیرە کوردەکـانی هەنـدەران بەزەقی هەنـدێ شیعریان نووسیبێ، ئەمـە پێش هەمـوو شتێك لەبەر ئەوەیە بەئازادی دەنووسن، نەسـانـسـۆری ناوەوە هەیـە کۆنـتـرۆڵی بکـات نەسـانـسـۆری دەرەوە، بەڵام ئەوەی لەوڵات دلیـە لەتـرسی سانـسـۆری هەسـت پێکـراوو هەسـت پێنـەکـراو ناچـارە مەبـەسـتـەکـەی خۆی

لەناو سەد پریاسکەو بوخچە بشارێتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم هەندێ شیعری گەنجەکانمان دەخوێنمەوە تەقەی سەرم دێ، حەراموڵڵا لەهیچ ناگەم! شیعری ئاسان زۆر زەحمەتە، نووسینی جەسارەتی دەوێ چونکە ئەوەی پێتە نایشاریتەوەو.. لەلچکە ئەنگوچکانی ناپێچی... دەڵێی وەرن بابم.. سەرم خوا لەوە زێترم پێنییە.

رەسمی لەئیعلامی سۆڤیەتیدا قەدەغە بووە.

لەئـەنجـوومەنی ئاسایشی دەوڵەتاندا شوورەوی هەمیشە دژی هەر بڕیـارێـك بوو کەبـەرژەوەندی کوردی تێدابێ، هەمیشە هەقی ڤیتۆیان بەکاردەهێنا. ئێستا دنیا گۆڕاوە، لەوێ باسی کورد دەکرێ، کۆڕو سمینار بەئازادی دەبەسترێ نوێنەران بەرەسمی پێشوازی دەکرێن، جگە لەوەی کۆمارە ساوایە تازە پێك هاتووەکان چاوویان لەپەیوەندیەکی باشە لەگەڵ کورددا، روسیا لەدووای هەڵوەشانەوەی ئیمبراتۆریەتەکەی رزگاری بوو لەدەست گرێ کوێـرە (عقـدە)ی سیپـراتیـزم (انفصـال)، بەنیسبەت میللەتـانی بن دەست دەرفـەتێکی زێـرینمـان دەست کەوتـووە ئەگـەر لەدەستی نەدەین، ئەگەر یەك بینوو قورسایی نەتەوەییکی سی ملیۆن کەس بخەینە مەیدان پێم وایە هەموو دونیا حیسابمان بۆ دەکا بەڵام ئەگەر هەر کەسەو خەریکی بەروودوکانی حیزبەکەی خۆی بێت ئەوە ئەم فرسەتەی سەری رۆییوە کلکەکەشی دەڕواو بەر لەعنەتی نەوەکانی داهاتوو دەکەوین.

بۆ ل ٧

ئەو فۆسفاتانە دەبنە هۆی گەشەکردنی بڕێکی زۆری قەوزە (Algae) لە ئاوی ڕووبارو دەریاچەکانداو سەرهەڵدانی قەوزەی نوێ و تێکدانی هاوسەنگی ژینگەی ئاوی کاتێك ئەو قەوزانە لە ناو دەچن و شی دەبنەود زۆربەی ئۆکسجینی ناو ئاوەکە کاردەکەن و گازی (HS) ی ژەهراوی دروست دەکەن، لە ئەنجامدا ماسیو زیندەوەرە ئاوییەکان دەکوژن. وورده وورده دەریاچەکان پڕ دەبن لە قەوزەی مردوو دەبنە تەنکاو. تەنیا پاك کەرەوەکان بەرپرسیاری نیوەی ئەو فۆسفاتەن کە دێتە ناو ئاوەوە. دووەم سەرچاوەی فۆسفاتی ناو ئاو پەینە کیمیاییەکانە هەروەها بەکار هێنانی پەینی کیمیاوی فۆسفۆڕیو نایترۆجینی و مێرووە قرکەرەکان و ئاوێتە ئەندامییەکانی کلۆر خاك پیس دەکەن کە لە کۆتایشدا دێنە ناو ئاوی ڕووبارو دەریاچەو دەریاکان و پیسی دەکەن. بەکار هێنانی گەلاوەرێنەکان وەکو زەرنینخاتی سۆدیۆم کە بۆ وەراندنی گەڵای هەندێك ڕووەك بە کاردێ وەکو پەتاتە بۆ ئەوەی زوو پێ بگات یان وەکو ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنامدا ماددەی دایۆلکینی ژەهراوی بەکار هێنا بۆ وەراندنی گەڵای دارو درەختەکان و ئاشکرا کردنی بنکەکانی جەنگاوەرە ڤێتنامیەکان کە کاریگەریەکەی تائێستاش ماوە دەبنە هۆی پیس بوونی خاك هەندێك مێرووە قرکەرەکان کە بە کشتوکاڵ دەکرێن زیندەوەرە ووردەکانی ناو خاك و زیندەوەرە

بێ بڕبڕەکان لەناو دەبەن لە ئەنجامدا توانای بەرهەمهێنانی خاکەکە کەم دەکات.

لێرەدا باسی پیس بوونی ژینگە تەواو بوون لە دەرفەتێکی تردا باسی چارەسەریەکانی پیس بوون و پاراستنی ژینگە دەکەین:

★ PH بە (پێ ئێچ) دەخوێنرێتەوەو ئامێر هەیە یەکسەر PH دەخوێنێتەوەو پێی دەڵێن PH پێو.


سەرچاوەکان

١ ـ الانسان والبيئة صراع او توافق.كتاب العربي، الكتاب السادس والستون، ١٩٩٠، الكويت.

٢ ـ استثمار المواد الكيمياوية العضويه الملوثة للبيئة. د. طارق شكر محمود ١٩٧٨ دار الحرية للطباعة ـ بغداد.

٣ ـ ملحق طب و علوم العدد ١١٨ في ١٩٩٠/٥/٢٢ والعدد ١٢٨ في ١٩٩٠/٨/٧.

٤ ـ گۆڤاری دانشمند ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩١. چاپخانەی داد، تاران،

**5 – Fundamentals of Ecology. by E.P. odeum 2nd 1953. USA.**

**6– Every Mans Guide To Ecological Livngs by G.M. Caillliet . P.Y. Setzer. New York. 1970**


## پاشماوەی: عەبدوڵلا پەشێو ...

● بەم دواییە هەندێ ڕاستی سەبارەت بەچەوساندنەوەو سەرکووت کردنی کوردەکانی سۆڤیەت بەزەقی دیارکەوتن، دەکرێت بەڕێزتان هەندێ ڕۆشنایی بخەنە سەر ئەم ڕاستیانە؟

**پەشێو**: ڕەوشی (وەزعی) کوردەکانی شورەوی زۆر دژوارە، ئەوەی ئاشکرایە ستالین کوردەکانی لەزێدی باب و باپیرانەوە ڕاگوێزایەوە بۆ ناو میللەتانی تر بەنیازی تواندنەوەیان، ئەو سیاسەتە تارادەیێك سەرکەوت، کوردەکانی ئازربایجان کەزۆر بەبوون تاکو تووك ئەگینا لەناو ئازارەکاندا توانەوەو بەزۆرە ملی تیپی لاتینیان پێکرایە تیپی ڕووسی بەمە لەکولتووری هەموو بەشەکانی کوردستان پچڕان.

ئەمڕۆ بەهۆی دابەش بوونی شوورەوی کورد کەوتوونەتە ناو نۆ کۆماری سەربەخۆ، ئەوانەی «نەگۆرنی کەرەباخ» دەربەدەری شاری گراسنەدار بوون لەوێ ئیقامەیان نەدراوەتێ هەر کەسێکیش ئیقامەی نەبێ هیچ مافێکی نییە، ناتوانێ کاربکا، منداڵەکانی بخاتە بەر خوێندن، بچێتە لای دکتۆر، کوردی شورەوی تەمای زۆریان بەئێمەیە، چاویان لەوەیە بگەرێنەوە باوەشی کوردستانی دایك. ئەمڕۆ دنیا هەمووی هێزو بەرژەوەندی بەرێوەی دەبا، ئەگەر ئێمە هەبین دەبین بەپشتوانی ئەوانیش، ڕوسیا وا کۆمارێکی بۆ جولەکان درووست کرد چونکە ئیسرائیل هەیە، وا کۆمارێك بۆ ئەڵمانەکان لەرۆخی زێی ڤۆڵگا چێ دەکا چونکە ئەڵمانیا هەیە، ئەگەر ئێمەش ئەمڕۆ دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنین لەم بەشەی کوردستانی باشووردا حیسابێك بۆ ئەوانیش دەکرێ، پێویستە باسێکی کوردی ئەرمەنستانیش بکەین، لەوێ لەیەریڤان کورد ئیستگەیێکی هەیە، جاران نەدەبوایە باسی کوردستان و جوولانەوەی کوردی تێدا بکرێ، ئەمڕۆ باشترە، ڕۆژنامەی «ڕێ یاتازە» نەجاران دەخوێندرایەوە نەئێستا، زێتر بۆ داپۆشینی مێزی خواردنە، کوردەکانی ئەرمەنستان دووچاری گرفتێکی تری تازەن، بەفیتی ناسیۆنالیستەکان گەلێك لەشێخە ئێزیدیەکان دەڵێن ئێمە کوردنین ـ ئێزدین، بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە تاقە کوردێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر پشتی نەگرتوون، کورد لێیان بێ بەرییە.

● بزووتنەوەی شیعری کوردی هەر لەڕوانگەوە تا ئەمڕۆ چۆن هەڵ دەسەنگێنن.. بەتایبەتی ئەو تەکانەی دوای ڕوانگە درایە بەرشیعری کوردی، دەکرێ دیوە تاریك و ڕووناکەکانی ئەم بزووتنەوەیە پەنجەنووما بکەن؟

**پەشێو**: وەڵامێکی پرسیارێکی وا چەند کتێبێکی دەوێ، ڕەنگە ساڵانی دوور وڵاتی هەموو شتێکم نەدیبێ بەڵام بەگوێرەی ئەوەی دیومە دەتوانم بڵێم چەند دەنگێکی باش هەن، هەندێ شیعری چاك نووسراون، زۆر شت هەیە دەیخوێنمەوەو تێی ناگەم، نازانم شاعیر دەیەوێ چ بڵێ، دڵنیام شاعیری چاك بەڕێوەن، ژیان دژی ڕاوەستانە، کاتی ئەوە هات شاعیرانی حەفتاکان جێیان پێبەردرێ، بەهیوای ئەو ڕۆژەم.

● «ئەگەر ئەمجارە بێمەوە» یەکێك بوو لەو شیعرە جوانانەی کە لەمۆسکۆوە وەکو نامەیەکی بەپەلەو هەڵەداوان لە ١٩٧٥/٥/١٦ەوە ناردتەوە کوردستان دوای ١٩ ساڵ ئاوارەییو ١٧ ساڵ دوای ئەو شیعرە بەنیشتمان شاد بوویتەوە تا بەئازادی پێو بەلەکت لەشەونمی سارد هەڵبسووی، لەگۆی مەمکی کانیاوەکان بخۆیتەوەو بیان کەیتە دایکی خۆت، دووبارە بەخێربێیتەوە بەڵام ئاخۆ شاپەڕی گڕت بۆ فرندە بێباڵەکان هێناوەتەوە؟

**پەشێو**: هەگبەکەم هەندێك شیعری تێدایە کەلەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەورووپا بڵاوبوونەتەوە، هەندێکیان لەکوردستان دەستاو دەستیان کردووە، هی واشی تێدایە هێشتا ڕووناکی نەدیوە، کۆمەڵە هەڵبەستێکیشم هەیە بەناوی «دیوانی براکوژی» کەبڵاوکردنەوەی جارێ دژوارو چەکنە.

● ئەی دوا پرۆژەت؟

**پەشێو**: ـ کۆکردنەوەو لەچاپدانی سەرجەمی بەرهەمەکانم

ـ دیوانێکم بەزمانی ڕوسی بۆ چاپ ئامادەیە کەیەکێك لەشاعیرو وەرگێرە ناسراوەکانی ڕوس تەرجەمەی کردووە.

ـ هەڵبژاردەیەکم لەشیعرەکانی پۆشکین بەشیعر لەڕووسییەوە وەرگێڕاوە.

ـ هەڵبژاردەیەك لەدیوانی «لکەگیا»ی «واڵت ویتمەن» کە لەئینگلیزی وەرم گێڕاوە.

ـ تەرجەمە کردنی ئوتروحەی دوکتۆراکەم کەدەربارەی ژیان و بەرهەمی پیرە مێردە.